# ونبوونی ماناکانی زیندان



## جەمال پیرە

زیندان ئەو چوارچێوەیەی کە دەوڵەتی یاسا بۆ تەمێکردنو دووبارە بنیادنانەوەی کەسایەتی تاوانکەر دروستیدەکات، شێوازێکە لە شێوازەکانی سزا، بەچاوپۆشی لەوەی کە سزا بۆ خۆی وەك چەمکێك هەڵگری چەندین واتاو بۆچونی جیاجیایە، میشال فۆکۆی بیرمەندی ناوداری فەرەنسی پێیوایە کە دەبێ دامەزراوەی زیندان لە نێوان ئامانجی کۆمەڵایەتیو چاکسازیدا خۆی ببینێتەوە ، لێرەدا بەکورتی دەتوانم ئاماژە بە سێ شێوەی سزا بدەم ئەوانیش:1- سزا لە پێناو سودو بەرژەوەندی (تۆڵە)2- سزا لە پێناو سزا (سەرکوتکردن) 3- سزا لە پێناو دووبارە بنیادنانەوەی کەسایەتی(چاکسازی) کە ئەمەیان بەشێکی دانەبڕاوی یاسایە." زیندان " لە مێژووی دەوڵەتی مەدەنیدا بایەخو تایبەتمەندی شایستەی خۆی هەیەو پاشکۆو پاڵپشتی برگەو تێکستە یاساییەکانە، قوتابخانەیەکە لەگەڵ خۆیدا ستافو هەیکەلێکی پسپۆر دەخوازێو بەخشەری زانیارییو پێگەیەکی مرۆدۆستی لەدوای خۆیەوە نمایشدەکات، ئەو زیندانەی کە دەوڵەتی دامەزراوەکان گەرەکییەتی لەیەککاتدا هەم دەبێ ژینگەیەکی لەباروگونجاو ببەخشێ هەمیش پێویستی بە مامەڵەی مرۆیی دەبێ. کەس نییە لە ئێمە بە شێوەیەك لە شێوەکان زیندانەکانی ئەو وڵاتەی خۆمانی نەبینیبێ یاخود سەرگوزەشتەی زیندانو زیندانییەکانی نەبیستبێ، کە بەردەوام دیمەنو هەڵوێستی ناوازەی لێکەوتۆتەوە، زیندانی فاشییو بەعسییەکان نموونەی هەرە دڕندانەی زیندانەکانی سەدەی بیستەم بوون، تا ئێستایش ئاسەواری ترسو دڵەڕاوکێی زۆرینە لە بەرامبەر زینداندا لەوانەوە بۆمان بەجێماوە, لەم وڵاتەی ئێمەدا بەداخەوە هەر لەژێر ئەو

کاریگەرییەدا هەست بەوە دەکەین کە وشەی زیندان بەردەوام وشەیەکی بە فێ بارگاویکراوە، هەرکە گوێبیستی دەبین موچرك بەلەشماندا دێت، کولتوری توندوتیژی کۆمەڵگای ئێمە هەرگیز نەیهێشتووە زیندان وەك دەزگایەکی چاکساز بناسرێ، ئێمە لەبەر ئەوەی لە نهێنی مافەکانی مرۆڤ نەگەیشتووین‌و بە ئاقارەکانی پەروەردەیی راستەقینەو مرۆدۆستانەدا هەم تێنەپەریوین هەمیش بەم پرەنسیپە جوانناس‌و ئینساندۆستانە گۆشنەکراوین بۆیە لەگەڵ بیستنی ناوی زینداندا فێ دادەگرێ. لە راستیدا مەبەستی سەرەکیم لێرەدا خستنە سەر کاغەزی سەرگوزەشتەی مرۆڤێکی بەناهەق زیندانیکراوی ئەم ولاتەی خۆمانە کە بوو بە قوربانی کولتورە دوور لە تۆلێرانسەکەی خۆمان. چەند رۆژێك لەمەوبەر بە رێکەوت کەسێك بەدەم سلاوکردنەوە بەرەو رووم هات‌و هاتە دواندنم، کە لێی وردبوومەوە یەکسەر درکم بەوە کرد کە ئەو کەسە چەند سالێك بەر لە ئێستا یەکێ بووە لە خوێندکارەکانی خۆم بەلام چونکە ئەو لەوکاتەی کە لای من بوو لە قۆناغی ناوەندیدا هەرزەکارێکی پۆشتەو رەنگ‌وروو منالانە بوو لە ئێستاشدا گەنجێکی بالابەرزی سەروسیما سمێلاوی‌و گەورە، نەمتوانی لەهەمان چرکەساتدا بیناسمەوە، من لەگەڵ یەکەم ئاخاوتنمدا پرسیاری خوێندن‌و گەیشتن بە کام قۆناغم ئاراستە کرد، لەناکاو وەلامم دەداتەوە " وادیارە مامۆستا تۆ ئاگاداری من نیت‌و نازانیت کە من سالانێکە لە هەرەتی لاوێتیم‌و گەرمەی سەرقالیم بە خوێندندا بێبەشکرام" منیش بە ئەبلەقییەوە وتم بۆ؟!! "بێئەوەی هیچ شتێ لە ماناکانی تاوان بزانم، بێئەوەی سەرپێچییەکم کردبێ!! خۆم‌و برا گەورەکەم کە یەکێ لە خوێندکارە هەرە سەرکەوتووەکانی قوتابخانەیەکی ئایینی شاری هەولێر بوو دوو سال‌و شتێکە لە نێو چوار دیواری یەکێ لە زیندانەکانی کوردستاندا بەزۆرە ملێ ژیان بەسەر دەبەم، بە شێوەیەك کە لەم ماوەیەی زیندانیبوونمدا هیچ لێپرسینەوەیەکی یاساییم لەگەلدا ئەنجام نەدرا!! تەنها بە تاوانی ئەوەی کە کەسێکی ناسیاوی خۆمان لە یەکێ لە رێکخستنەکانی گروپێکی قەدەغەکراوو نایاساییی بووە" لە راستیدا من پەشۆکام چونکە دەمزانی ئەو هەر چییەك بووبێ خوێندکارێکی هەرزەکار بوو، ئەگەر سەرپێچییەکیشی بکردایە دەستگیرکردن‌و زیندانیکردنێکی یاساببانە هەستی هیچ یەکێ لە ئێمەی نەدەوروژاند، کە هاتە سەر باسکردنی بارودۆخی خوێندنی خۆی بەدەم حەسرەتەوە دەیگوت" حەز دەکەم خوێندنەکەم تەواو بکەم، ئەو کاتەی کە دەستگیرکرام لە پۆلی دووی ناوەندی بووم ئێستایش هاورێیانم بوون بە پێنجی ئامادەیی، لە راستیدا ئیرەییان پێدەبەم‌و نازانم چۆن داهاتووی خۆم بگێرمەوەو لەدەستی نەدەم؟!!!" ئەو کاتەی کە هەستی

بە پەرۆشیو پەشۆکاویی من کرد لەقسەکانیدا بەردەوام بوو" باوەڕم پێبکە هەر لەگەڵ خۆمدا منالێکی 13 سالآنیش دەستگیرکرا کە گیرفانەکانی پڕبوون لە میکانۆی یاری منالآنە، ئەو منالە بەهۆی ونبوونو پەیوەندیکردنی باوکییەوە بە گروپێکی یاخیی قەدەغەکراوەوە تاکو ئێستایش هەر لە زیندانی بێ لێپرسینەوەدا ماوەتەوەو کەسیش نە دەتوانێ لێی بپێچێتەوە نە دەوێرێ پشتگیریی لێبکات" ئەزیزان رەنگە ئەم دیمەنە نموونەیەکی بچوکی زیندانی کوردی بێت کە بەرهەمهێنەری تراژیدیا بێت، بەلآم دەکرێ لە پشتی ئەم مەسەلەیەوە وێنای ناکاملییو ئالۆزی تێگەیشتنی دەسەلآتو زالبوونی کولتوری تۆڵەو نا ئینسانانەو کەم مەعریفەیی لە ماناکانی هاولآتێتیدا بەرجەستە بێتو ئەوەی کە لێرەشەوە بەدەست ئێمەوەبێ ئومێدی بۆ بخوازین جگە لە گۆڕانێکی بنچینەیی لە بنەماو پێکهاتەی دامەزراوەییو بیرکردنەوە دا هیچ شتێکی دی نییە.

Jamalp@hotmail.com